# میهرەجانی ئاخیر زەمان

ولاّتی تایلاند کە ئەم ولاّتە بۆتە دووەم ولاّتی سەیرو سەمەری جیهانی..
لە سەیرترین میهرەجانی ئایینی و سەیرو سەمەری و بەڵکو شەرمەزاری، ئەم میهرەجانە تایبەتە بە ئەوانەی خۆیان ئەزییەت دەدەن و شتی سەیر لەگەڵ جەستەی خۆیان دەکەن!!
ئەمەو لەم میهرەجانە چەندین کەس لە ولاّتانی دیکەی دراوسێ ولاّتی تایلاند بەشدارییان کردبوو، لەم میهرەجانە و بۆ کونکردن و شت لە جەستەی خۆیاندا بدەن تەنیا بۆ نمایش و بەرچاوی خەڵک..
ئەمەو چەندین کەس بە چەقۆ و دریێڵی کارەبایی و لەسەر ئاگر ڕۆیشتن، چەندین کاری سەیروسەمەری تایبەت بۆ خەڵک پێشکەشکرا... ئێوەو چەند دیمەنێکی ئەم میهرەجانە...







## نوکتە

- یەکێک چووە بازاڕ و ویستی پێڵاو بکڕێت، ڕێگەی کەوتە دوکانێکی پێڵاو فرۆشتن و بە خاوەنەکەی گوت:
دەمەوێ پێڵاوێک بکڕم، چی جوان هەیە ؟....
خاوەن دوکانەکەش تا بزانێ ژمارەی پێ چەندە و پێیگوت ڕەقەم چەند لە پێ دەکەیت؟؟
ئەویش گوتی: پێڵاوێک ڕەقەمەکەی جوان بێت...

* * *

- منداڵێک لە پێش ئاوێنە چاوی نووقاندبوو، باوکیشی هات و لێیپرسی:
کوڕم بۆ وا دەکەیت لە پێش ئاوێنە؟؟؟
منداڵەکەش گوتی: تاوەکو خۆم ببینم کە دەخەوم...

## ڕێکلامێکی دڵ



لە ڕۆژنامەی (هیراڵد)، پیاوێک ڕێکلامێکی تایبەتی بۆ دڵی خۆی کردووە و، بەم شێوەیە ڕێکلامەکەی بلاّوکردبۆوە:
دڵێک هەیە بۆ کرێ، بەم شێوەیە....
دڵێکی بەسۆز ، دەکەوێتە خۆشەویستی بە هەنگاوێک، دڵی کچێکی سادە و جوانی و ڕۆمنسی دەوێت، زیاتریش باسی دڵی دەکات و دەڵێت:
دڵم ڕقبوونی نییە وغەدریش لە کەس ناکات.. دڵم ناسکە و بەسۆزە، جا ئەوەی دڵی منی بە دڵە بەم ناویشانەو تیلفۆنە پەیوەندیم پێوە بکات..



## بۆقێکی (٣) سەر

منداڵێک لە داینگەی (ویستۆن سوپەر)ی، لە ئینگلتەرا گیانداریکی سەیری دۆزییەوە، کەچی مامۆستاکەی زۆر قسەی ناشیرینی پێگوت و کە ئەو گیاندارە پیسەی هێناوەتە ناو داینگە، بەڵام دواتر پەشیمان بۆوە چونکە ئەو گیاندارە سەیرە و سەیرەکەشی لەوەیە، گیاندارەکە (بۆق)ێکە (٣)سێ سەری هەیە، بەیەک جەستە! دواتر بە بڕە پارەیەکی زۆر ئەم بۆقەیان فرۆشتە باخچەی ئاژەڵانی بەریتانیا..



**٢١/٣-١٩/٤ (کاوڕ)**

کاتت بەفیڕو مەدە بەم کارەی کە گرنگ نییە، لە ڕازی ئەو کەسە تێبگە، کە ماوەیەکە دەیەوێت خۆی لێت نزیک بکاتەوە و ئەوەندەش خۆت ئازار مەدە لە سەر شتی ڕابردوو و بەڵکو لە داهاتوو دووبارەی مەکەوە، ئاواتێک بەم زووانە دێتە دی، بەڵام هەوڵی بۆ بدە و سادە بە لە ڕەفتارت.

**٢٠/٤-٢٠/٥ (گا)**

ڕێگەیەکی سادە هەڵبژێرە لە ڕەفتارت، چونکە نەوەک بە هەڵە لە بڕیارەکانت بگەن، لەم ماوەیە تووشی گرفتێک دەبیت و تووشی دڵتەنگیت دەکات، لەگەڵ کەسێکی ماڵەوەت دەبێتە گەیشتنتان بە ڕێکەوتنێک لەسەر ئەم کێشەی نێوانتان، دڵت فراوان بکە، خۆت کاریگەر مەکە بە شتی بچووک.

**٢١/٥-٢٠/٦ (دووانە)**

ئەو کەسەی ماوەیەکە کێشەت هەیە لەگەڵی، وامەکە تۆ تاوانبار بیت بەڵکو دڵی خۆت بۆی بکەوە، لە بواری ئیش و خوێندنەوە هەست بە بێزاری و ماندووبوون دەکەیت، پارێزگاری لە ڕاستگۆیت بکە و هەروەها پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانت مەهێڵە بەرەو نزمی بچن، کەسێکی تازە دەناسیت.

**٢١/٦-٢٢/٧ (قرژاڵ)**

گرنگی بەم تایبەتمەندییانەی خۆت بدە و مەهێڵە کەسانی دیکە دەستکاری کاروبارت بکەن، پێویستەلە چەند کارێک خۆت خەریک بکەیت تا وەکو هیوا و حەزەکانت دابین بکەیت. دوو دڵ مەبە لەو بڕیارەی داوتە و جێبەجێی بکە، لە داهاتوو مەترسە و متمانەت بە خۆت بێت.

**٢٣/٧- ٢٢/٨ (شێر)**

ئەرکێکی زۆر چاوەڕوانتە، بەڵام لە جێبەجێکردنی دڵنیا بە چونکە چەندین هەنگاوی چاکی بۆت دەبێت، متمانەت بەو کەسە هەبێت کە دڵی تۆی دەوێت و هەڵەی گەورەی لە بەرامبەر کردوویت، لەم گفتوگۆیانە دوور بکەوە کە بێ سوودن و کار دەکەنە سەر کەسایەتیت.

**٢٣/٨- ٢٢/٩ (گوڵە گەنم)**

ئەم هەلانە لە دەست خۆت مەدە بۆ ئەو کەسەی بە دڵتە و کاتێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی، ئەم ماوەیە لە دەمارگیری نزیکی و هەوڵبدە هێمنیی خۆت بپارێزیت. بتوانە لە یارمەتی هاوڕێکانت کەمتەرخەمی نەکەیت، ئەم هەست و سۆزەت لەم کەسە مەشارەوە و بتوانە ڕازی دڵی خۆتی پێبدەیت.

**٢٣/٩-٢٢/١٠ (تەرازوو)**

لە کاتێکی گونجاودایت تا ئەو هەنگاوەی تەواوت نەکردووە، تا ئێستا تەواوی بکەیت چونکە ئەو کەسە چاوەڕێتە لەم ماوەیە هەواڵێکی خۆشت پێدەگات بەخت یاوەرت دەبێت لە هەوڵی ئەم ئەرکەی ئەنجامی دەدەیت و سەرکەوتوو دەبیت، دڵی ئەو کەسە لە خۆت زویر مەکە کە تۆی دەوێ.

**٢٣/١٠- ٢١/١١ (دووپشک)**

چەند گۆڕانکارییەکی خێرا بەسەر ژیانی تایبەتیت دێت، بۆیە لە یارمەتی کەسانی نزیک و هاوڕێکانت دوودڵ مەبە و یارمەتی وەربگرە خۆت بە کاروباری خەڵکەوە خەریک مەکە و بە دوای شتی بچووک مەکەوە، دڵتەنگ مەبە لەو کەسە خۆشەویستە لێ خۆی بەو لێی خۆشبە و لێی ببوورە.

**٢٢/١١-٢١/١٢ (کەوان)**

لەگەڵ هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆت، ڕاستگۆیانە بجوڵێیەوە و بزانە دڵت چی دەوێت لەگەڵ ئەو کەسە ماوەیەکە تێناگەن باشترە سنوورێک بۆ ئەم تێنەگەیشتنە دابنێن، ئەوەندە سادە مەبە لەگەڵ دەورووبەر تاوەکو کاریگەری لە کەسایەتیت بکات ئەنجام و کۆتایی بۆ ئەم کێشانەت دابنێ تا بحەسێتەوە.

**٢٢/١٢- ١٩/١ (گیسک)**

کەسێک لە دوای دڵتە و هەستێکی شاراوەی هەیە، هەوڵبدە هەستەکەی ئاشکرا بکەیت نەوەک نیازی خراپی هەبێت لەگەڵ بیر و ڕاکانت یەکسانییەک دروست بکە و حەقی خۆیان پێبدە لە و کارانەش ئاگادار بە، کە لەم ماوەیە ئەنجامی دەدەیت چونکە هەندێکیان کاریگەریی خراپی دەبێت بۆت.

**٢٠/١-١٨/٢ (گۆزە)**

لەگەڵ کەسانی ماڵەوە لە بۆنە و شادییەکی خۆش بەشدار دەبن و ڕۆڵی تۆ دیار دەبێت لەگەڵ ئەو کەسە خۆشەویستەت بە نەرمی مامەڵە بکەن و مەهێڵە دڵی لێت بشکێت و متمانەی پێت نەمێنێت بۆ ئەو خەونەی ماویەکە لە دڵتە و بۆ کاتێکی دیکەی دوا بخە چونکە کاتەکەی باش نییە.

**١٩/٢- ٢٠/٣ (نەهەنگ)**

کەسێک لە ماڵەوە دەبێتە هاندەرت بۆ کارەکانت و تۆش بتوانە سوودی لێوەربگریت، هەوڵی ئەو کەسە بێ سوودە چونکە ئەو ئاگاداری دڵی تۆ نییە لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەکی دەروونی سوود لە هەڵەکانی ڕابردووت وەربگرەبە نیازێکی پاکەوە ژیان بەسەر ببە.

ئامادەکردنی /ئیوان گەردی
iwan_gardi@yahoo.com